

# دیمانە و بەدواداچوون

# Interview





## جیهاد دڵپاک:

# کێ هەیە تووشی ئەو عیشقە دێوانەیە بووبێت کە هیچ نەبینێت تەنها هونەرەکەی نەبێت؟

چاوپێکەوتن: کەریم

**کەبتەوێت دیداری لەگەڵ ساز بکەیت، دەبێت ئامادەو ساز بیت، چونکە ئەو بۆ هەموو مەسەلەیەک بۆچوونی خۆی هەیەو ناشترسێت لەوەی دەیڵێت، هونەرمەند (جیهاد دڵپاک) لە ناوەندی هونەری کوردی بەردەوام ئامادەیی هەیەو پێویستی بەناسین نییە. لەم دیدارەدا راشکاوانە ئەزموون و هەڵوێستەکانی خۆی لەبارەی نواندن و کێشەکانی ئەکتەری کورد دەستنیشان دەکات و پێیوایە دەبێت ئەکتەری کوردیش هەوڵبدات لەو دۆخە لۆکاڵییە رزگاری بێت و هەنگاو بەرەو جیهانیبوون بنێت و وەک ئەکتەری سینەمایی دەربکەون نەک شانۆیی، کەگرینگترینیان بایەخدانە بە نواندنی پرۆفیشناڵی و ئەکادیمیانە. لەماوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا زۆر مەسەلە ئەگەر بەکورتیش بێت تیشکیان خرایە سەر.**

**فیلم: لەدوای تەمەنێک لەکاری نواندن لەبەردەم کامێرادا، ئێستا هەستدەکەیت ئەکتەری ئەکتیف و باشمان لەبواری سینەمادا هەیە ؟**

جیهاد: بەڵێ هەست دەکەم ئەکتەرمان هەیە، بۆیەشە دەڵێم ئەکتەرمان هەیە، چونکە کۆمەڵێک خاسیەت و خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەکتەری شانۆیی و ئەکتەری سینەماییدا، لەبەر ئەوەی هەردووکی نواندنە، رەنگە هەندێک جیاوازی هەبێت، تێگەیشتن و خەیاڵ و ئەو رۆشنبیریەی کە ئەکتەر دەتوانێت رۆڵەکەی پێ شیبکاتەوەو بەرجەستەی بکات، بەڵام پێداویستیەکانی ئەکتەر زۆرن و ئەوەش پەیوەندی بەوەنییە کەئایا ئەکتەرەکە شانۆییە یان سینەماییە، ئێمە زۆر ئەکتەرمان هەبووە لەشانۆوە دەستیان پێکردووەو ئەو ئەزموونەش لە جیهاندا بوونی هەبووە، بەڵام دیسان ئەکتەری شانۆیی دەبێت خۆی بگونجێنێت، لە هەندێک رەفتار و هەڵسووکەوتی شانۆیی خۆی دووربخاتەوە لەو ئاماژە شانۆیانە کاتێک دەچێتە بەردەم کامێرا و بتوانێت خۆی لە واقیعیەت نزیکبخاتەوە.

**فیلم: بەڵام ئێستا گەورەترین کێشەمان ئەوەیە کە لە بواری فیلمسازیدا ئەکتەری کورد وەک ئەوە وایە لەسەر شانۆ نواندن بکات، کەئەمەش زیانی زۆری هەیە بۆ سەر بەرهەمەکە، وەک تۆ دەڵێیت واقیعی نابێت؟**

جیهاد: پێویستە ئەکتەر هەوڵبدات لەو دۆخەی کە دەقی پێوە گرتووە خۆی رزگار بکات. دەبینین لە وڵاتانی جیهاندا گرنگی زۆر بە پێگەیاندنی سینەمایی و دروستکردنی ئەکتەر دەدەن لەرێگەی پەیمانگەو ئەکادیمیاکانەوە، بۆ ئەوانەش کە پێشتر لە شانۆ کاریان نەکردبێت فێربوونی نواندنی بەردەم کامێرا ئاسانترە، بەڵام بۆ ئەو ئەکتەرانەی کە پێشتر شانۆیی بوونە، پێویستیان بە بڕینی قۆناغێکی دیکە هەیە، واتا بە دوو قۆناغ تێپەردەبێت کەئەوەش بۆ ئەکتەرەکە زۆر قورسە، نموونەی ئەکتەرەکانی میسر زۆربەیان لە ئەزموونی شانۆوە هاتوون بۆسینەما و بەردەم کامێرا.

**فیلم: کارکردن لەسەر نائەکتەری (ئەماتۆر) لەبواری فیلمسازیدا چۆن لێکدەدەیتەوە؟ بەتایبەتیش کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە زۆربەی فیلمەکاندا کار لەسەر نائەکتەری دەکەن، ئایا پێتان وانییە ئەو جۆرە شەپۆڵە ئەکتەر دەخاتە پەراوێزەوە؟**

جیهاد: بەڵێ، بەڵام بۆ ئەزموونی برایانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین بە نموونەو گشتاندن لەسەر کارەکاندا؟ ئەزموونی ئەماتۆر پێشتر هەر هەبووەو لەسینەمای واقیعی ئیتاڵی پشتی پێ بەستراوەو ئەوانیش بوونی شەپۆڵەکە بۆ کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەری فیکری دەگەڕێننەوە، دەکرێت ئەو ستایلە تەنها بۆ فیلمێک بشێت، بەڵام مەرج نیە هەموو فیلمێک بەو ستایلە کاری لەسەر بکرێت، ئەو ئەزموونەی کە لەسینەمای ئیتاڵی و جیهانی هۆلیۆد تاقیکراوەتەوە، هەڵبەتە زۆر دەوڵەمەندترە، لەو ئەزموونەی کەلە ئێران بوونی هەیە، بۆیەشە جۆری سیناریۆکە بریاردەدات کە ئایا پێویستی بە ئەکتەر هەیە یان بە ئەماتۆر تا حاڵەتەکە دەرببڕێت، بەڵام نەک لە هەموو حاڵەتەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەکتەر رۆڵێکی گرنگی هەیە لە راگرتنی ریتم، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دەرهێنەر. بۆ ئەکتەرەکەش کارئاسانییە تاحاڵەتە درامیەکان بەرجەستە بکات.

**فیلم: کاتێک دەرهێنەرانی ئێمە پەنا بۆ ئەماتۆر دەبەن، پێتان وانییە هۆکارەکەی بەشێکی لەبەر ئەوەبێت، کە ئەکتەری کورد، زیاتر ئەکتەرێکی لۆکاڵە، یان لەبەرئەوەی ئەکتەری کورد تائاستێکی باش نەناسراوە؟**

جیهاد: من ئەڵێم ئایا هەموو کەسێک لەبەرامبەر کامێرادا بوەستێت ئەکتەرە؟ یان لەپشتی کامێرا وەستا دەرهێنەرە؟ بەمانا ئەکادیمییەکەی دەبێت ئەکتەر و دەرهێنەر لەسەنعەت و هونەری سینەما تێبگەن و هۆکاری پەنا بردنە بەر بەدیلی ئەکتەر بزانن، کەلەبەر چی ئەماتۆر بەکار دێنن، لەو حاڵەتانەدا دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان حاڵەتەکە پەیوەندی بە لایەنی دارایی و چەندکێشەیەکی دیکەوە هەیە، کەرەنگە نەتوانن چارەسەری بکەن. ئەمەش دەکەوێتە سەر عیشقی ئەو ئەکتەرە کە تاچەند بیر لە لایەنی ماددی دەکاتەوە.

**فیلم: پێتانوانییە دەرهێنەری ئێمە لەبەرامبەر ئەکتەردا کەمتەرخەم بووەو نەیتوانیوە گرنگی زۆر بەرۆڵی ئەکتەر بدات. نموونەی ئەوەش لەزۆربەی ئەوفیستیڤاڵانەی کە فیلمی کوردی تێیدا خەڵات وەردەگرێت زیاتر بۆ دەرهێنانە، بە دەگمەن هەڵکەوتووە ئەکتەرێکی کورد لە فێستیڤاڵێکی جیهانیدا خەڵات وەربگرێت؟**

جیهاد: پێموایە سینەما بۆ دەرهێنەرە، شانۆش بۆ ئەکتەرە. ئەگەر هەر لە سەردەمی گریکەوە سەیری شانۆ بکەین دەرهێنەر نەبووە، بەڵکو تەنها ئەکتەر بوونی هەبووەو بەبێ دەق و دەرهێنەر نمایشێکی شانۆیی پێشکەش کراوە، بەڵام بەبێ ئەکتەر نواندن ناکرێت، لەسینەماشدا بەپێچەوانەوە بەبێ دەرهێنەر کاری فیلمەکە سەرکەوتوو نییەو دەرهێنەر رۆڵی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی فیلمەکەدا، بەڵام لەسینەمادا بەبێ ئەکتەریش کار دەکرێت.

**فیلم: کەواتە دەتوانیین بڵێین لە کاری سینەمادا دەرهێنەر ئەکتەر دروستدەکات؟**

جیهاد: بەڵێ یارمەتیدەرێکی بەهێزەو دەتوانێت زۆر پاڵپشتی بێت، بۆ ئەوەی نواندنێکی جوان بەرجەستە بکات، هاوکات ئەکتەری بەتواناش یارمەتی دەرهێنەر دەدات، دەرهێنەری زیرەک و بە ئەزموونیش



جیهاد: ئەگەرچی ئێمە خاوەنی هیچ رەوتێکی سینەمایی نین، لەگەڵ ئەوەش بزاوتێکی فیلمسازی زۆر باش لە کوردستان هەستی پێدەکرێت.

دەتوانێت سوود لەوزەو توانای ئەکتەری سەرکەتوو وەربگرێت، بۆنموونە (داستن هۆڤمان) بە سەلیقەو توانای خۆی وا لەدەرهێنەران دەکات زۆر گرنگی پێبدەن و هەموو رۆڵەکان بە جوانی بەرجەستە بکات.

**فیلم: بەبۆچوونی تۆ ئەو هۆکارانە چین کە پەیوەندی لەنێوان ئەکتەر و دەرهێنەر دروستدەکەن،بە جۆرێک کە هەم دەرهێنەر سوود بە ئەکتەر ببەخشێت و هەمیش ئەکتەر یارمەتی دەرهێنەر بدات؟**

جیهاد: یەکەمین شت لێرەدا عیشقە بەرامبەر کارەکە، دووەمین تێگەیشتنی فیکری لە ستاتیکای ناوەرۆکەوە، سێیەم ئامانجی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی کارێکی هونەریدا.

ئەمەش دەکەوێتە سەر جۆری ئەکتەرەکە، لە جیهانیشدا چوار جۆر ئەکتەری سینەمایی دەستنیشانکراوە، کە پێیاندەوترێت (ئەکتەری خود) کە هەمان کەسێتی خۆی دووبارە دەکاتەوە، (ئەکتەری جەستەیی) کە دەرهێنەر سوود لە جەستەی وەردەگرێت، هەروەها (ئەکتەری ئەماتۆر) کە دەرهێنەر لە کەسانی ئاسایی دروستی دەکات، جگە لەوەش ئەکتەرێکی دیکەمان هەیە کە بە قووڵی بەرجەستەی کەسێتیەکە دەکات.

**فیلم: لە لای ئێمەدا کار لەسەر کام لەم جۆرە ئەکتەرانە دەکرێت؟**

جیهاد: ئێمە کارەکتەرمان هەیە، بەڵام ناگەنە ئاستی جیهانی، تا بتوانرێت پۆلێن بکرێت، بۆیە زۆربەیان لۆکاڵین و لەنێوان کارەکتەری خودو و ئەکتەری کارەکتەردایین.

**فیلم: ئێوە لەسێ بواری نواندنی وەک شانۆو دراماو سینەما ئەزموونتان هەیە، هەست دەکەیت لە کام لەو بوارانە نزیکتریت؟**

جیهاد: ئەو هەڵسنەگاندنە بۆ بینەران جێدەهێڵم، راستە من لەشانۆوە دەستم پێکردووە، بەڵام عیشقی من نزیکبوونەوەیە لە کامێرا، رەنگە بەهۆی ئەو تەمەنەی ئێستامەوە نەتوانم وەکو جەستە لە شانۆ تەواو بەرجەستەی رۆڵەکەم بکەم، بەڵام لە هەوڵی بەردەوامدام بۆ تێگەیشتن لە نواندنی پرۆفیشناڵانەی سینەما، کەئەمەش پێویستی بە خۆفێرکردن و هەوڵ و کۆششی بەردەوام هەیە، بە داخەوە ئەکتەری کورد نەیتوانیوە ئەو قۆناغانە تێپەڕێنێت و بگاتە ئاستی جیهانی، ئەمانەش هەمووی کاریگەری لەسەر فیلمی کوردی دروستکردووە، وای کردووە کە ئەکتەری کورد لە خاڵێکی نەگۆڕدا بمێنێتەوەو دەرهێنەری کورد نەتوانێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی یان پرۆفیشناڵانە سوود لە توانای ئەکتەر وەربگرێت، لەبەرئەوەی نواندن لەسینەمادا دابەش دەبێت و پارچە پارچەیە، دەبێت ئەکتەر تەرکیز بکاتە سەر کامێرا، بەڵام لەسەر شانۆ نواندن بەرفراوانەو ئەکتەر دەتوانێت زیاتر لە رۆڵەکەی قووڵبێتەوە.

**فیلم: کەواتە کێشەکە گشتگیرەو پێتوانییە لە خودی سیناریۆوە سەرچاوەی گرتووە؟**

جیهاد: بە دڵنیایەوە، زۆربەی دەرهێنەران لەکاتی ئیشکردندا سیناریۆکە نادەن بە ئەکتەر پێیانوایە بیرۆکەکەیان لێ دەدزرێت، کەواتە کێشەی گەورەمان هەیە، ئەگەر باسی لایەنی گشتگیریی سینەما بکەین یان ئەزموونی جیهانی بە نموونە بێنینەوە، رووبەرووی چەندین گرفت دەبینەوەو ئەوکاتە دەزانین کە ئێمە چەند لەدواوەین، تەنانەت ئەکتەرمان هەیە سیناریۆکە ناخوێنێتەوەو دیالۆگەکانی خۆی نازانێت، بۆیە پەیوەندیەکانیش لەکاتی نواندندا ئاسایی نیەو ئەکتەر سەرکەوتوو نابێت، بۆ نموونە کەسێتی دڵشاد لە درامای گەردەلوولدا بە دوو



جیهاد: لێرەدا شتەکان تێکەڵاو بوونە، ئەکتەرەکانمان ئەکتەری شانۆ و سینەمان، دەرهێنەرەکانیشمان لە دراماو سینەما کاردەکەن.











دیالۆگ لەو کەسیەتیە تێگەیشتم ئەوکەسیەتیە رووناکبیرەو فەلسەفە دەخوێنێتەوە، هەمیشە یاخییەو لەبەردەم کێشەکان بڕوای بە خۆی هەیە.

**فیلم: کێشەیەکی دیکەی ئێمە ئەوەیە کە ئەکتەرانمان ناتوانن کار لەسەر رۆڵی خۆیان بکەن، لەگەڵ دەرهێنەرانیشدا ناتێگەیشتنێک و بەدحاڵی بوونێک هەیە؟**

جیهاد: لێرەدا نامەوێت ئەو قسانەی من لەسەر هونەرمەندانی کورد گشتگیر بکرێت، لەگەڵ ئەوەش ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەکتەری کورد رۆژی چەند فیلم دەبینێت و تاچەند لەتەکنیکی سینەما تێدەگات؟ دڵنیام ئەکتەرمان هەیە زۆر بەکەمی فیلمی جیهانی دەبینێت.

**فیلم: لە کاتی کارکردن لە فیلمێکدا کۆمەڵێک چەمک و ئاماژەی سینەما هەیە کە پێویستە ئەکتەری کورد بیزانێت، تۆ پێت وانییە کە هێشتا ئێمە زۆرمان ماوە زمانی سینەما لە ناو کاری سینەمادا بەکاربهێنین؟**

جیهاد: بەداخەوە حکومەت نەیتوانیووە لە رۆڵ و کاریگەری هونەری سینەماو هونەر بەگشتی تێبگات.

جیهاد: نەک تەنها لەلای ئەکتەر، بەڵکو پێویستە دەرهێنەریش لەزمان و رێزمانی سینەما تێبگات، کێشەکە لەوەدایە ئێمە کەسانی پسپۆرمان کەمە لە کاری سینەمادا تایبەتمەندی وەرگرتبێت، هەروەها ئەکتەرمان نییە لەو ئاستەدابێت کە پێویستی بە یارمەتی دەرهێنەر نەبێت.

**فیلم: ئەکتەر چۆن رێگا بەخۆی دەدات لەگەڵ دەرهێنەرێک کاربکات، کە بە شێوەیەکی زانستی لە چەمک و ئاراستەکانی سینەما نەزانێت و نەتوانێت ئەکتەر لەو زاراوانە تێبگەیێنێت؟**

جیهاد: ئەگەر باسی سینەما بەشێوەیەکی گشتی بکەین، رەنگە دەرهێنەرمان هەبێت تا ڕادەیەکی باش لە تەکنکیک و زمان و ئاراستەکانی سینەما بزانێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانێت لەگەڵ ستافەکەی بە شێوەیەکی زانستیانە و پرۆفیشناڵانە کاربکات، هەر دەبێت ئەو هەنگاوەش لە لایەن هەمووانەوە بنرێت و ناکرێت چاوەڕێ بکەین ئەو توانایانە لە ئاسمانەوە بۆمان دابەزێت.

**فیلم: ئایا کەمووکوڕیەکە لە هەردوو لایەنەوەیە؟ ئایا ئەکتەریش نابێت ئازادی ئەوەی هەبێت کە بۆچوون و رەتکردنەوەی خۆی هەبێت، لە کاتی کارکردندا؟**

جیهاد: لێرەدا شتەکان تێکەڵاو بوونە، ئەکتەرەکانمان ئەکتەری شانۆو سینەمان، دەرهێنەرەکانیشمان لە دراماو سینەما کاردەکەن، وەک خۆتان دەزانن شێوازی کارکردن جیاوازە لەنێوان دراماو سینەمادا، هەر یەکەو ئاراستەیەکی خۆی هەیە، بەڵام لەلای ئێمە شتەکان تێکەڵاو دەکرێن.

**فیلم: تۆ وەک ئەکتەرێک چ پێوەرێکت هەیە بۆ رازی بوون یان رەتکردنەوەی سیناریۆیەک، بۆ رۆڵبینین لە فیلمێکدا؟**

جیهاد: یەکەم شت بەلای منەوە بیرۆکەو فیکری کارەکەیە. بە گشتی من دووپەیامم هەیە کە یەکێکیان فیکریەو ئەویدیکەشیان ستاتیکیە، ئایا دەکرێت لە فیلمێکدا لە رووی ستاتیکیەوە سەرکەوتوو نەبم یان لە فیلمێک سەرکەوتووبم لە فیلمی دووەمدا شکست بێنم و دواتر لە کارەکە پەشیمان ببمەوە ؟، سێیەم ئەوەیە ئایا ئەو کارەکتەرە لەو ئاستەدایە کە لەیادەوەری خەڵکیدا بمێنێتەوەو بتوانم قبوولی بکەم و شەونخوونی بۆ بکەم، هەرچەندە مەرجیش نیە لە هەموو کارێکدا ئەو خاڵانەی کەباسم کرد دروستببێت.

**فیلم: ئێوە لەزۆر دیداری دیکەدا باس لە بوونی پەیام و فیکر دەکەن، ئایا هەست ناکەیت لە نێو بەشێک لە هونەرمەندانی ئێمەدا پەیام دیارنییە؟**

جیهاد: یەکەم شت کە دەکەوێتە سەر هونەرمەند ئەوەیە کە پێویستە لە ئەرک و وەزیفەی خۆی تێبگات، پرسیار لە خۆی بکات کە بۆچی کاری هونەری دەکات، لەبەرامبەر هەموو ئەو دیدو ئایدیایانەی کە لە جیهاندا دەگوزەرێن پرسیارو وەڵامی هەبێت، کەواتە دەبێت بڵێین شاعیرێک یان نووسەرێک بۆ شیعر و رۆمان دەنووسێت؟، مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی



**جیهاد: داهێنەری راستەقینە ژیانی ئەمرۆ دەدۆڕێنێت، بەڵام ژیانی ئایندە دەباتەوە.**

دەبێت پرسیار لە بوونی خۆی و لە ژیان و مردن بکات و بیر بکاتەوەو پەیامی خۆی هەبێت، نەک تەنها کاربکات و بخوات و بمرێت.

**فیلم: دەتوانین بڵێین لای بەشێک لە هونەرمەندان لایەنی فیکری فەرامۆشکراوەو گرنگی بە ماهیەت و رووحیەتی کارەکە نادرێت و زۆر لایەنی گرنگ هەیە زانیارییان دەربارەی نییە؟**

جیهاد: بەڵێ بە دڵنیایەوە، زۆر لەو لایەنانە لەلای هونەرمەندی ئێمە بوونی نیەو نەتوانراوە لە سەر بنەمای فیکری کارەکان بکرێت، بەڵکو تەنها بیر لەوە کراوەتەوە کە بەهەر چی شێوەیەک بێت کارەکە ئەنجام بدرێت.

دیارە هونەرمەندان و رووناکبیرانیش لە کاری هونەریدا لە رووی تیۆری و فەلسەفی و دنیابینیدا زۆر جیاوازن و ناتوانن بەپێیی قوتابخانە فیکرییەکان کاری هونەری بکەن، ئەگەربێت و سینەمای ئەمەریکی بە وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین دەبینین دنیابینییان لەیەکتری زۆر جیاوازە، بەڵام لەلای ئێمە قەیرانەکە لە خودی هونەرمەندەکە خۆی دایە، جگەلەوەش ئێمە لەوڵاتێک دەژین تاوەکو ئێستاش زۆربەی شتەکان لەرووی ئەخلاقی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە بەعەیبە وەسفدەکرێت و زۆربەیان قەدەغەیە، لەکاتێکدا لە سەردەمی جیهانگیریدا دەژین، پێویستە بیر لەبەدیهێنانی خەونەکانمان بکەینەوەو خۆمان لەگەڵ رەوت و ستایلە جیهانیەکان بگونجێنین..

**فیلم: ئایا بەو ئاستەی ئێستای فیلمسازی گەشبینن؟**

جیهاد: بەپێچەوانەی هونەرمەندانی دیکەوە من زۆر گەشبینم و پێموایە سەرەتاییەکی باشە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوامبین، دڵنیام دەتوانین بگەینە ئاستی بەرزتریش، هۆکاری رەشبینی هەندێک کەسیش پەیوەندی بە کۆمەڵگەی کوردیەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو تاکەکەسی کورد تێکشکێنراوەو هەمیشە لە ئاست گەلانی دیکەدا هەست بە ملکەچبوون و رووخان دەکات، ئەگەرچی ئێمە خاوەنی هیچ رەوتێکی سینەمایی نین، لەگەڵ ئەوەش بزاوتێکی فیلمسازی زۆر باش لە کوردستان هەستی پێدەکرێت.

ئایا نەتەوەی عەرەب ئەوەندە ئامادەیی هەیە کە زۆر پێش کوردیش سینەمای ناسیووە!! بۆیە دەڵێم فیلمسازانی کورد هەوڵی زۆر باش و گرنگیان داوە لە بواری سینەمادا، بە پێچەوانەی بواری شانۆ کە جاران تەنها ناوەرۆک و ئایدیۆلۆژیا بەسەرماندا زاڵبوو، پێشموایە هونەرمەندی کورد لەو سەردەمەدا بیر لە دروستکردنی فیلمی زۆر باش دەکاتەوەو بەرەو داهێنان و ئەفراندن هەنگاو دەنێت، دڵنیام لە ئاییندەدا فیلمسازانی کورد هەنگاوی گەورەتردەنێن.

**فیلم: رۆڵی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی لە پەرەپێدان و هاوکاریکردنی سینەمای کوردی چۆن دەبینن؟ پێتان وایە دەسەڵاتی کوردی گرنگی بە پێشخستنی بواری سینەما دەدات؟**

جیهاد: زۆر لایەنگری دەسەڵات نیم، بەڵام لایەنی ئیجابیشی هەیەو لە هەندێک رووەوە هاوکاری سینەماکاران دەکرێت، حکومەت لە بەرهەمهێنانی فیلمدا پاڵپشتیان دەکات، لەگەڵ ئەوەش دەبوایە دەسەڵاتی کوردی لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر گرنگی بە سینەمادابوایە، لێرەدا وتەیەکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی خوالێخۆشبووم بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت: ئێمە هەرچەندە خەبات و کاری سیاسی زۆرمان کردووە بۆ میللەتەکەمان کە تەنها لەسەر ئاستی بەرپرسێکی سەربازی پێشوازیمان لێکراوە. لە کاتی کۆڕەوەکەدا چاوی کامێراکان وایکرد هەموو جیهان پێشوازیمان لێبکات و لە رێی چاوی کامێرا توانرا منداڵێکی کورد سەرنجی سەرتاپای جیهان رابکێشێت، ئەوە هونەری کامێراو سینەمایە کە بەقەد هەموو کارێکی سیاسی رۆڵی هەیە، بەڵام بە داخەوە حکومەتی کوردی نەیتوانیوە لە رۆڵ و کاریگەری هونەری سینەماو هونەر بەگشتی تێبگات، وەکو خۆشتان دەزانن هەموو وڵاتانی جیهان بە داهێنەر و هونەرمەندەکانیانەوە شانازی پێوە دەکەن.

**فیلم: ئایا ئەو بودجەی بۆ کاری سینەما لە کورستان خەرج دەکرێت، تاچەند لە ئاستی گرنگی پەیامەکەیدایە؟ زۆر کەس پێوایە پارەکە بە بەرنامەو بە شێوەیەکی تەندروست خەرج ناکرێت و بە هەدەردەچێت و پلان بۆ خەرجکردنی بودجە نییە؟**

جیهاد: پێموایە بە دانانی پارە سینەما پێشناخرێت، بەقەد ئەوەی





دروستکردن و پێگەیاندنی کادیری سینەمایی زۆر گرنگترە لەوەی تەنها پارە بەهەدەر بدرێت، ئەگەر چی ئەوەش پارەی پێویستە، بەڵام پارەو ئامێری پێشکەوتوو تەرخانبکرێت بەبێ کادری سینەما بەچیدەچێت؟ کە عەقلێک لەپشت ئەوبەکارهێنانە نەبێت، سینەما پێشناکەوێت، هونەرمەندی کورد نەنێردراوەتە دەرەوە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی سینەمای وڵاتان وەربگرێت و کادیری باش دروستبکرێت، ئەوەش بە بەرنامەو پلاندانان دەکرێت نەک تەنها بە پارە، بەڵام ئەگەر پارە بە رێکی خەرج بکرێت، سینەما هونەرێکە پارەی زۆری دەوێت.

**فیلم: لە کوردستان سێ بەرێوەبەرایەتی سینەما و بەڕیوەبەرایەتیەکی گشتی سینەما هەیە، رۆڵی ئەو چوار بەڕێوەبەرایەتییە چۆن هەڵدەسەنگێنی لەبەرەوپێشبردنی سینەما؟ لە کاتێکدا زۆربەی فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە لە هونەرمەندانن.**

جیهاد: رێزم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لەبوارەکەدا کار دەکەن، لە دڵسۆزی و پەرۆشییان بۆ پێشخستنی هونەر کەمناکەمەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەلەمێنێت ئایا هەموو کەسێک لەبواری هونەریدا کاریکرد هونەرمەندە، وەک رۆتینێکیش بەرێوەبەرایەتی سینەماکانمان هەمان ئەو سیستەمە جێبەجێدەکەن کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارتەکانی دیکەدا هەیە، ئەو سیستەمەش لەگەڵ رەوتی هونەری سینەمادا ناگونجێت، هونەرمەندانیش دەبنە قوربانی ئیدارەکە، ئەو عەقڵەی کە لەسەرەوەیە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە ئاراستە دەکات لە پەیام و رۆڵی هونەر تێناگات، هەر داهێنەرێکیش بهێنرێت لەو شوێنە دابنرێت هیچی بۆ ناکرێت لەبەر ئەوەی هەموو خەیاڵ و توانای ئەو هونەرمەندە گۆشەگیر دەکرێت.

**فیلم: پێتان باشە چی بکەین بۆئەوەی سینەماش بە دەردی شانۆو هونەرەکانی دیکە نەچێت و بکەوێتە سەرپێ و رێچکەی خۆی وەربگرێت؟**

جیهاد: ئەرکی پێشخستنی کەرتی سینەما لە کوردستان، بە بەرنامەیەکی درێژ خایەن دەبێت، بە دانانی بناغەیەکی سەرکەوتوو بۆ جێبەجێکردنی کارەکە دەبێت، سادەترین نموونە: ئێران سینەمای نەوجەوانانی هەیە، کە هەموو بەشێکی سینەمای لێدەخوێنرێت، بەڵام ئێمە نیمانە، لێرەش دانانی بودجەش وەکو یەک نیەو جیاوازی دەکرێت، فیلم هەیە پارەیەکی زۆری بۆ دانراوە کە شایەنی ئەو پارەیەش نیە، بۆیە هەموو کارێکی باش و سەرکەوتوو دەکەوێتە سەر توانای داهێنەرێکی راستەقینە، داهێنەری راستەقینەش ژیانی ئەمرۆ دەدۆڕێنێت، بەڵام ژیانی ئاییندە دەباتەوە، سەیری ژیانی ئەو داهێنەرانەش بکە هەموو ژیانیان نەهامەتی بووە، بەڵام هونەرمەندی راستەقینە هەرگیز لەسەر فیکر و بیرو بڕوای خۆی سازش ناکات، زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان هەیە کە سەریان هەڵگرتووەو وڵاتەکەیان جێهێشتووە بەڵام لەسەر بیرو بڕوای خۆیان سازشیان نەکردووە، (ستیڤین سبیلبێرگ) لە فیلمێکدا بیڵ کیلنتۆن سەرۆکی ئەمریکا بە دووای نارد خەڵاتی بکات، بەڵام ئەو



**جیهاد: ئێمە لەوڵاتێک دەژین تاوەکو ئێستاش زۆربەی شتەکان لەرووی ئەخلاقی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بەعەیبە وەسفدەکرێن و قەدەغەیە.**

رەتیکردەوەو ووتی: نەمبیستووە هونەرمەند بچێت بۆ لای سیاسی، دەبێت سیاسی بێت بۆ لای هونەرمەند، ئایا هونەرمەندی کورد بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە؟

**فیلم: ئایا گرفتەکە لێرەدا ئەوەنییە کە هێشتا تێگەیشتن لە بایەخی هونەر لە ئاستێکی لاواز دایە؟**

جیهاد: من لە خۆمەوە دەستپێدەکەم، ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆمدەکەم، تاچەند لەبەرامبەر کۆمەڵگاکەم یاخیبووم؟ لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا ئەو نەهامەتی و گرفتانە هەیە بەڵام دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە کە تاچەند لەبەرامبەر دەسەڵاتدا یاخییەو بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی رەتدەکاتەوە، لە کۆتاییدا لەوانەیە تەنها دوو کەس بمێنێتەوەو بتوانێت خۆی لە بەرامبەر کێشەو دەردەسەریەکان رابگرێت.

**فیلم: هۆکارەکە چییە کە رۆحی ئەو سەرکێشییە لەلای ئێمەدا نیە؟**

جیهاد: عیشقمان بۆ هونەرەکە نییە، ئەو عیشقەش پەیوەندی بە بیرکردنەوەو فیکری هونەرمەندەوە هەیە کەتاچەند هونەرەکە بەلایەوە گرنگە کە پەیامی خۆی بگەیەنێت، مەودای خەیاڵ و عیشقی تاکە کەسەکە رۆڵدەبینێت، هەندێک بیر لەوە دەکەنەوە دەسەڵات لەخۆیان رازی بکەن، هەیە بۆ نازناوو خۆدەرخستن هەوڵدەدات، عیشقەکەی زۆر تەسک و داخراوە، ئەو عیشقە نیە کەبڵێت لە دوای مردنم با کارە هونەرییەکانم بەنەمری بمێننەوە.

**فیلم: کەواتە عیشق سەرچاوەکەی پەیامە؟**

جیهاد: عیشق شتێکە بەرامبەری نیە، کێ هەیە تووشی ئەو عیشقە دێوانەیە بێت کە هیچ نەبینێت تەنها هونەرەکەی نەبێت؟ ئایا بۆ شۆرشگێرێک لە پێناو بیرو بڕواکەیدا شەهید دەبێت؟ سەرچاوەی هەموو ئەوانە فیکرە.



# سدیق بەرمەک، دەرهێنەری فیلمی (ئوسامە) بۆ گۆڤاری فیلم:

# یەکێک لەو هۆکارانەی کەدەبێتە هۆی پەرەپێدانی سینەما لەکوردستان بوونی نەوتە

چاوپێکەوتن: عەتا ئەحمەد

**یەکەمینجار لەرێگەی فیلمی (ئوسامە) بەدیدی هونەرمەندان و تاراپدەیەکیش بەبینەری کورد ئاشنا بوو، چونکە فیلمەکە لە تیڤیەکان نیشان درا، (سدیق بەرمەک) ئێستا ناوێکی دیاری ئەو رەوتە فیلمسازییە یە کە لەئەفغانستانی دوای شەڕ دەستی پێکردووە، ئەو لە ساڵی ١٩٦٣ لە ئەفغانستان لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە (نادریە) لە بەشی سینەمای زانکۆی مۆسکۆ درێژە بە خوێندن دەدا و لە ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی ماستەر لەو بوارە بەدەستدەهێنێ. تا ئێستا چەندین سیناریۆی نووسیوە و چەندین کورتە فیلم و فیلمی سینەمایی دروستکردووە، هەروەها لە چەندین فیلمدا یاریدەدەری دەرهێنەر بووە. لە ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٦ بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ئەفغان فیلم) بووە. لە دواییدا بۆ ماوەیەک چووە بۆ (پیشاوەر) لەوێ لەگەڵ (بی بی سی) کاری کردووە. هەروەها بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری سینەمایی (وەزینی سپێدە) بووە.**

**بەرمەک ماوەیەک لە پاکستان نیشتەجی بوو، وەک خۆی دەڵێ ناخۆشترین و سەختترین ساتەکانی ژیانی بەسەر دەبرد. بەڵام بە بەردەوامی بزەی پێکەنینی کە بەرهەمی میهرەبانیی ئەو بوو لە سەر لێوەکانی بوو. وەک خۆی دەڵێ هەمیشە بۆ من (وڵات و سینەما و خێزان) سێ گۆشەی عشقن. بە دوو زمانی روسی و ئینگلیزی بە جوانی قسە دەکات.**

**سدیق بەرمەک دوای تەواوکردنی ئاکادیمیای سینەما لە مۆسکۆ، گەڕایەوە بۆ (کابوول) و لە کۆمپانیای ئەفغان فیلم دەستی بەکارکرد. لە ساڵی ١٩٨٤ کورتە فیلمێکی ١٠ خولەکی سینەمایی بەناوی (بیلیارد) دەرهێنا، ساڵێک دواتریش فیلمێکی ٢٠ خولەکی بە ناوی ( بازنە) دروست کرد. کە لەلایەن سینەماکارانەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا.**

**فیلمی ٣٨ خولەکی (بێگانە)ی کە یەکێک لە بەرهەمە بەتواناکانی ئەفغان فیلمە لە ساڵی ١٩٨٨ دروستکرد، ئەم فیلمە (سدیق بەرمەک)ی بە جیهان ناساند. بەڵام بەهێزترین و بەناوبانگترین فیلمی ناوبراو، (ئوسامە)یە کە فیلمێکی درێژی سینەماییە، لەرێگەی ئەم فیلمەوە بەتەواوی بە مەینەتیەکانی ئەفغانستانی سەردەمی تالیبان ئاشنا دەبین، ئەم فیلمە چەندین خەڵاتی زێرینی فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی جیهانی بەدەستهێناوە، لەمانە دەتوانین ئاماژە بدەین بە خەڵاتی فێستیڤاڵی کان، خەڵاتی میدالیای فدریکۆ فللینی کە ساڵانە لە لایەن بەشی هونەری یۆنیسکۆ پێشکەشدەکرێت. هەروەها خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی لە فێستیڤاڵی گۆڵدن گلۆب.**

**ئێمە لەگۆڤاری فیلمدا، بەباشمانزانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو فیلمسازە دروست بکەین و ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام بدەین:**

**فیلم: بەڕێز بەرمەک، دەکرێ خوتان زیاتر بەخوێنەرانی گۆڤاری فیلم بناسێنن..؟**

بەرمەک: سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی گۆڤاری فیلم. من (سدیق بەرمەک)م ٤٧ ساڵ لە مەو پێش لە دۆڵی جوانی (پێنج شێر) لە دڵی کێوەکانی هندوکشی ئەفغانستان لەدایک بووم، تا عاشق بە سینەما بم و ببم بە فیلمساز.

**فیلم: تا چەند لەگەڵ سینەمای کوردی و فیلمسازانی کورد ئاشنایت هەیە؟**

بەرمەک: لە ئەنستیتۆی سینەمای مۆسکۆ لەگەڵ بەڕێز (مەهدی ئومید) ئاشنا بووم، باسی سینەمای کوردی بۆ کردم، سیناریۆی جوانی نووسی بوو و هەروەها فیلمی (تونێل)ی لە وڵاتی تاجیکستان بەرهەمهێنا بوو. لەو فیلمەدا ئەکتەری بەناوبانگی ئەفغانی (سەلام سەنگەی) رۆڵی زەردەشتی پەیامبەری تێدا گێڕا. هەروەها (بەهمەنی قوبادی) بە فیلمی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان) روانگەیەکی تازەی لەسەر سینەمای کوردی بۆ دروست کردم، من شانازی دەکەم کە دۆستی زۆر خوشەویست و بەرێزم (کاوە موعین فەر) لە بەرهەمهێنانی فیلمی ( ئوسامە) شان بە شانی دۆستانی ئەفغانیم لەگەڵمدا بوو. کەئێستایش سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە لە شاری هەولێر.

دواتر لە فێستیڤاڵی پوسان بە ژمارەیەک لە فیلمسازانی کورد ئاشنا بووم،یەکێک لەوانە بەڕێز (شەوکەت ئەمین کورکی) بوو کە بۆ ستایشکردنی فیلمە جوانەکەی لە فێستیڤاڵی پوسان دەستیم بەگەرمی گوشی. بەراستی فیلمێکی هەستیارم بینی لە گەنجانێک کە دڵنیام هێز و توانا بە رەوتی سینەمای کوردی دەبەخشن.

**فیلم: لە چ ساڵێکدا کاری فیلمسازیت دەست پێکرد؟**

بەرمەک: من لە سەردەمی گەنجیمدا کاری فیلمسازیم دەست پێکرد. کاتێک کە هێشتا لە پۆلی نۆ خوێندکار بووم. دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی ئاماتور لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەستم بەکاری فیلمسازی کرد.

**فیلم: تا ئێستا چەند فیلمت دروستکردووە؟**

بەرمەک: بەداخەوە شەڕ دەرفەتی زۆری نەداوە. من چوار کورتە فیلم و سێ فیلمی دۆکیۆمێنتەری و دوو فیلمی درێژی سینەماییم دروستکردووە، هەروەها زیاتر لە دە سیناریۆم بۆ خۆم و سینەماکارانی دیکە نووسیوە.

**فیلم: لە کاری فیلمسازیدا بە چ کەسانێک کاریگەرن؟**

بەرمەک: من بینەرێکی باشی سینەمام. سەردەمانێک سەرسامی سینەمای ئیتاڵیا بووم، سەردەمانێکیش سەرسامی سینەمای روسیا، هەروەها سەرسامی فیلمێکی تاجیکی و زەمانێکیش سەرسامی فیلمەکانی (مەخمەلباف، عباس کیارۆستەمی، جەعفەری پەناهی و ئەمیری نادری) بووم. تەواوی ئەمانە کاریگەریان هەبووە لە کاری فیلمسازیمدا. سەرەڕای ئەوەی تەواوی فیلمە بەهێزەکان شتێکیان هەیە بۆ ئەوەی سەرنجمان بۆ لای خۆی راکێشێت.

**فیلم: ئێوە وەک بەشێکی زۆر لە دەرهێنەران، کاری فیلمسازیتان بە کورتە فیلم دەستپێکرد؟**

بەرمەک: بەڵێ، یەکەم فیلم کە ئارەزوم بوو دروستی بکەم، فیلمێکی ٨ میلیمتری بوو، بەڵام بەداخەوە نیوەکارە مایەوە، لە ساڵی ١٩٧٩دا سێ کورتە فیلمم لە کاتی خۆێندم لە مۆسکۆ بەرهەمهێنا، دروستکردنی ئەم فیلمانە بۆ من زۆر سودمەند بوو. دەستپێکردنی فیلمسازی بە کورتە فیلم بە باوەڕی من یەک تایبەتمەندی گەورەی هەیە.



بەرمەک: فیلمی ئوسامە بەسەرهاتی تاڵترین رۆژەکانی میللەتەکەمانە.

ئەوەش ئەوەیە دەرهێنەر ناچارە بیروباوەڕی خۆی لە ماوەیەکی کەمدا بڵێت. بۆ ئەمەش دەبێت پلان هەبێت تا بیروبۆچونەکان بە جوانترین شێوە بخرێتەڕوو.

**فیلم: (ئوسامە) یەکەم فیلمی درێژی تۆ بوو، کەبەو هۆیەوە تۆ لە جیهاندا ناسرای، دەتوانن لە بارەی ئەم فیلمەوە قسەمان بۆ بکەن؟**

بەرمەک: فیلمی ئوسامە بەسەرهاتی تاڵترین ڕۆژەکانی میللەتی ئێمەیە. چیرۆکی مرۆڤگەلێکە کە ئیرادەی ژیانیان لێ سەندراوە، لەلایەن فاشیزمی تێکەڵ لەگەڵ مەزهەبی دروستکراو، کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئیسلامدا نییە.

چیرۆکی ونبوونی مرۆڤە بێ ناسنامە و بێ کەلتوور و بێ ناوەکان. ئوسامە بەسەرهاتی ئازارێک لە ئازارەکانی ئێمەیە. ئوسامە دەنگدانەوەیەکە لە ئێش و ئازاری مێژوو، کەبەبەردەوامی قورگ و هاواری پیاوان و ژنانی وڵاتی ئێمە دەخنکێنێت، کە دەورانی بێ کۆتاییە.




**فیلم: فیلمی ئوسامە زۆر بە خێرایی لە جیهاندا دەنگی دایەوە. لە چەندین فێستیڤاڵدا خەڵاتی بەدەستهێنا، هۆکارەکەی چی بوو؟**

بەرمەک: ڕوانگەیەکی نوێ بوو بە سەرخەمەکانی میللەتێکی لە بیرچوو. هەروەها ئاشنابوونی خەڵکی وڵاتانیتر لەبەرامبەر ئازار و مەینەتیەکانی ئەفغانستان کە لەلایەن دەرهێنەرێکی ئازارچێشتووی ئەفغانییەوە خرایەڕوو.

**فیلم: باشە..چۆن سینەما لە وڵاتی ئەفغانستان هەڵدەسەنگێنی؟**

بەرمەک: سینەما هونەرێکە لە ڕۆژئاوا دەستی پێکرد. بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆر درەنگتر لە هەر کیشوەرێک لەم ناوچەیەدا، گەیشتە وڵاتی ئەفغانستان، ئەفغانستانیش وەک وڵاتێکی سونەتی و پشت بەستوو بە مەزهەب و لە پێناوی دەسەڵاتدا، بەبەردەوامی لە بەرامبەری مۆدێرنیتەدا وەستاوە. بەداخەوە مۆدێرنیتەش بە هۆی کەم و کوری و کەم ئاگاهی چینی گەنج، نەیتوانیوە باوەڕی میللەت بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

بەهۆی نەگونجان لە سەردەمە جۆراوبەجۆرەکانی سەرەتای سەدەی رابردوو، زۆربەی ڕووناکبیران، شۆرشخوازان و سیاسەتمەدارانی ریفۆرمخواز ناچار وڵاتیان بە جێ هێشتووە.

سینەماش وەک بەشێک لە مۆدێرنیتە لەگەڵ شای ریفۆرمخواز (ئەمان الله خان) لە دەیەی سەدەی بیستدا هاتە ئەفغانستان، بەڵام بەلەدەستدانی دەسەڵاتی ئەو شایە ساڵیانێکی زۆر سینەما نەیتوانی بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە. هەرجارێ کەهەوڵدراوە سینەما هەستێتەوە لەگەڵ گۆڕانکاری سیاسی تووشی شکست بووە، لە شێوەیەک بۆ شێوەیەکی تر گۆڕاوە. سینەما لەسەردەمی (هاشم خان)ی سەرۆک وەزیران لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٤٩و دوای کودەتا و شەڕی ناوخۆ تووشی گەورەترین شکست هات. ترسی دەسەڵاتدارانی سیاسی لە توانا و هێزی سینەما و هۆگرانی زۆری سینەما لە نێوان عامەی خەڵک، بوو بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی ئەفغانستان بەبەردەوامی چاودێری میدیاکانی ئەفغانستان بکات بەتایبەت سینەما کۆنترۆڵ و سانسۆر بکات. سەرمایەگوزاری دەوڵەت لە زۆربەی بەرهەمە سینەمایەکانی ئەوکاتدا تایبەت بوو بە بانگەشە بۆ حکوومەت خۆی. ئەگەرچی لە دەورانی ڕەشی تالیبان سینەما تەواو لە ناوبرا، بەڵام دواتریش بەهۆی گۆڕانی سیاسەتی ئابووری دەوڵەت بۆ سیاسەتی ئابووری بازار و نەگونجانی ئەم سیاسەتە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی ئەفغانستان بوو بەهۆی ئەوەی کە سینەما پشتیوانەی ماڵی دەوڵەت وەکو بایەخێکی میللی لەدەست بدات، سینەما بکەوێتە دەست بازرگانان و نەخوێندەواران، ئەوانیش ئەم هونەر و سنعەتەیان زەڕبی سفر کرد و سینەمایان تا ڕادەی ئیبتزال و خۆ فرۆشی هێنایە ئاستێکی نزم. ئەم هۆکارانە و ئاستی لاوازی پەروەردە، نەگونجانی بیر و بۆچوونەکان، جیاوازی فەرهەنگی زمانی و نەتەوەیی بووەنەتە هۆی ئەوەی ئەم هونەرە نەتوانێت بە شێوەیەکی پرۆفشێونال کارایی خۆی دەربخات.

نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان بەرهەمە لاوازەکانی فیلمی بۆلیوود و هۆلیوود، تەنانەت لەم دوایانە فیلمەکانی مۆبتەزەلی پاکستان، بەرهەمی نابەرابەری ناوخۆ، نەبوونی هاوکاری دەزگا دەوڵەتیەکان، نەبوونی سەرمایەگوزاری بەهێز یان دامەزراندنی سندوقێکی پشتیوانی دەوڵەت لە سینەما، بوونی یاسای بێ ئەمەل و گومرگ و باج بۆ کۆمپانیاکانی فیلمسازی لە هۆکارەکانیتری لاوازبوونی سینەمایە. دەتوانین هۆکارێکی تر بێنینەوە وەکو نەبوونی کورسی فێربوونی پرۆفشیۆناڵی سینەما، نەبوونی مامۆستای بەتوانا و دەیان هۆکاریتر.

بەڵام سینەما واتا فێربوون، بەرهەمهێنانی فیلم و بڵاوکردنەوەی، کە بەداخەوە لە هەر سێ ئەمانە بێبەشین.

**فیلم: ئێستا هیواتان بۆ سینەمای ئەفغانستان چییە؟**

بەرمەک: هەندێکجار بیردەکەمەوە ئایا سینەما دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە سەر گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا؟ ڕەنگە کارێگەری هەبێت لە ژیانی مرۆڤەکان و بۆ سەرگەرمی و فێربوون بێت. بەڵام ئایا دەتوانێت گۆڕانکاری لە نێو دەسەلاتداران بکات. ئایا بەراستی فیلمێک توانیویەتی بەرگیری بکات لە شەڕێک؟ کەهیوادارم کە ڕۆژێک بێت سینەمای ئەفغانستان بتوانێت بەر گیری بکات لە شەڕ. سینەما لە جیهاندا توانیویەتی کەسایەتیەکان بناسێنێت، وڵاتەکان بناسێنێت. بەوتەی (موحسین مەخمەلباف): (ئێمە هاوڵاتی سینەماین نەک هاوڵاتانی وڵاتی خۆمان)، ئەم دێرە کاریگەری زۆری بەسەر ژیانمەوە هەبوو.

**فیلم: ئایا فیلمی ئوسامە یەکەم فیلمی سینەمای ئەفغانستانە دوای لە ناوچوونی تالیبان؟**

**کاریگەری ئەم فیلمە لە سەر سینەمای ئەفغانستان چی بوو؟**

بەرمەک: بەڵێ. ئوسامە یەکەم فیلمی ستانداردی ٣٥ ملیمیە دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی تاڵبان. دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە یارمەتی و هاوکاری دۆست و مامۆستای بەرێزم (موحسین مەخمەڵباف) بکەم، کە لە دروستکردنی ئەم فیلمەدا یارمەتیدام. هەروەها هاوکاری گروپی سینەماکارانی کرد بۆ دامەزراندنی سینەمایەکی تازە. بەختەوەرانە فیلمی ئوسامە پێشوازی زۆری لەناوەوەو دەرەوەی ئەفغانستان لێکرا. سەرکەوتنی لە فێستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان، هێزێکی تازەی بەخشیە جەستەی بێگیانی سینەمای ئەفغانستان. ئەو سینەماکارانەی کە نائومید و هیوابڕاو بوون لە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەت قەدەغەکردنی وێنە و سینەما لە لایەن تالیبان، بوێری کردن تا هەنگاوی تازە لە پێناوی ژیانی دووبارەی سینەما هەڵبگرن. ئەم جوڵانەوە و بزوتنەوەیە بوو بە هۆی بەرهەمهێنانی کورتە فیلم و فیلمی دوکیۆمێنتەری بەهێز. زۆر لە سینەماکارانی ئەفغانستان کە لە هەندەران بوون گەڕانەوە بۆ وڵات.





دوای سەرکەوتنی ئەم فیلمە بوو کە هونەرمەندانی بیانی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم هاتنە ئەفغانستان و لێرە فیلمیان دروست کرد. ئەمـــەش کاریگەری خۆی هەبوو لەســـەر جوڵانەوەی ڕەوتی فیلمسازی لە وڵاتی ئێمە.

**فیلم: چیرۆکی فیلمی ئوســامە بــۆ کۆمەڵگای داخراوی ئەفغانســتان زۆر قورس بوو؟ چ شــتێک ئێوەی هاندا بۆ دروستکردنی ئەم فیلمە؟**

بەرمەک: ئازارێکی قوڵ کە تەواوی ئێســک و پروسکی منی دەسووتاند. من مێژوونوس نیم بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بەداخەوە بیـــری مێژووی میللەتمان لاوازە. ویســـتم بەســـەرهاتی ئەم ئازارە کە وەکو ئێش وئازاری ســـیاوەش و سۆهراب بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. تا پشت بە پشتی ئێمە بزانن ئەوەی کە بەسەر ئەم میللەتە هاتووە هیچ دڕندەیەک بە دڕندەیەکیتری نەکردوە. ویستم ئەم ئێش و ئازارە کە لە دڵی مێژوودا ڕەگ و ریشـــەی داکوتاوە دووبارە نەبێتەوە. تا جارێکیتر دایکی ئەم میللەتە فرمێســـکی لە دەســـتدان و لە ناوچوون نەڕێژێت. دەمەوێت بڵێم ئوســـامە بەشـــێکە لەم خەم و ئازارە گەورەیە. من لەو باوەڕەدام، پێویســـتی زەمانەی ئێمەیە کـــە زیاتر لەم دەورانە ڕەش و ترسناکە قسەبکرێت و زیاتر فیلم دروستبکرێت.

**فیلم: پێموابێت ئەکتەری سەرەکی فیلمی ئوسامە (ماریا گولبەهار) یەکەم ڕۆڵە کە بینیویەتی؟**

بەرمـــەک: ئەمە یەکەم ئەزموونی ســـینەمایی کچەکەم (ماریا) بوو مـــن (زڕ باوکی) ئەوم. ماریا پێش ڕۆڵ گێرانـــی لەم فیلمەدا لە بازاڕ کاری دەکـــرد. هیچ کات فیلمی نەبینـــی بوو. تەنیا ئەزموونی، ڕاکردن و هەڵهاتـــن بە پـــا بچووکەکانی لە دەســـت تالیبان بـــوو. هیچ کات نەڕۆیشـــتبووە مەکتەب. چونکە بە بڕوا ناراستەکەی تالیبان، کچەکان مافیـــان نییە لە ماڵ بێنەدەر و دەرگای مەکتەب بە روویان داخرا بوو. ئەو خۆی کۆمەڵێکی زۆر خەم لە ســـەر شانیەتی و ئازاری شەلاقەکانی تاڵبانی بۆ پارووێک نان کێشـــاوە. ئەو خۆی خەمی میللەتی ئێمە بوو. بەڵام خۆشـــحاڵم کە کچەکەم ئێستا دەڕواتە مەکتەب و تائێستایش لە چەند فیلمی ســـینەمایی و دوو شانۆدا ڕۆڵی گێڕاوە و هیواشی ئەوەیە ببێت بە دەرهێنەر.

**فیلم: بەرهەمی نوێتان بەدەستەوەیە؟**

بەرمەک: بەڵێ. ئەفغانستان وڵاتی پڕ چیرۆکی نایاب و کەم وێنەیە. گریان و پێکەنینەکانی دەرفەتی ئەوە نادات کە هیچ شتێکت نەبێت لە بەرانبەری. من هێشـــتا دڵم بۆ مرۆڤەکان و سروشت و چارەنوسی ئەم وڵاتە لێ دەدات و هێشتا قسەی دڵی خۆم نەوتووە.

**فیلم: ئێوە یەکەم گۆڤاری سینەماییتان لە ئەفغانستان بڵاوکردەوە، دەتوانن لە بارەی ئەم گۆڤارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدەن؟**

بەرمەک: گۆڤاری ســـینەمایی یەکێک لـــە یەکەمین هەوڵەکانی ئێمە بوو بۆ دروســـتکردنی پردی پەیوەندی نێوان ســـینەمای ئەفغانستان و ســـینەمای جیهان. یەکەم ژمـــارەی ئەم گۆڤـــارە یەکێک لە دەزگا نێودەوڵەتیەکانی پشـــتیوانی لە میدیای ئازاد لە ئەفغانستان ساپۆرتی کرد. بەڵام بەداخەوە بەهۆی کێشـــەی ماددی و نەبوونی کەرەســـتەی پێویست کەمتر دەتوانم ئەم گۆڤارە بە بەردەوامی و لە کاتی دیاریکراودا بڵاوبکەمەوە. هێشتا گیانی تێدایە، هیواشم ئەوەیە ڕوانگەیەکی نۆی بۆ بەردەوام بوونی بدۆزمەوە.



**بەرمەک: من لە موحسینی مەخمەلباف فێربووم، کە باشترین ڕیگە بۆ فێربوون، دروستکردنی فیلمە.**

**فیلم: خاڵە هاوبەشەکان و نزیکی سینەمای کوردستان و ئەفغانستان لە چیدا دەبینن؟**

بەرمەک: لە ڕەنجەکانیان. لە خەباتیان بۆ مانەوەیان. لە فەرهەنگی دەوڵەمەند و بەهێزیان کە ڕەگوڕیشـــەی تـــا قووڵایی مێژوو ڕۆچووە. لـــە هێزی بێ کۆتایی هیوا بۆ داهاتوو. لـــە گەنجە بلیمەتەکانیان، کە وێڕای نەبوونی پارە و کەرەســـتە هێشتا قسەی دڵیان بە گوێی کەڕان و ویـــژدان خەوتووان دەگەیێنن. لە بێ قیمەتکردنی ســـینەما لە لایەن حکومەتدارانەوە و نقوم بوونیان لە لایەن هۆلیوود و بۆلیوود!!! ئەمانەن خاڵی هاوبەشیمانە، سەد حەیف و سەد ئاخ!!!

**فیلم: ئێوە لەو باوەڕەن کە سینەمای کوردی و سینەمای ئەفغانی زۆر لەیەکەوە نزیکن؟ چوون هەردووکیان لە دوای کۆتایی شـــەڕ دەستیان پێکرد؟**

بەرمەک: ئەگەر لەســـەر پەرەپێدانی ســـینەما لە کوردستان بتوانین قســـە بکەین. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی کەدەبێتە هۆی پەرەپێدانی ســـینەما لەکوردســـتان بوونی نەوت بێت، کە ئێمـــە نیمانە، هەروەها گەندەڵی لە داهاتی ســـەرمایە لە لایـــەن خۆمان و بیانیەکان، نەبوونی بەرنامـــەی ڕوون بـــۆ فەرهەنـــگ و پەرەپێدانی ســـازمانی مەدەنی لە ئەفغانستان، سینەمای ئێمەی توشی قەیران کردووە.

**فیلم: پێشـــنیاری ئێوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە سینەمای لاوازیان هەیە چییە؟**

لەو وڵاتانەی کە سینەمای بەهێزیان نییە، دەوڵەت ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەپێشخستنی سینەما و دامەزراندنی پێگەیەکی بەهێز، واتە لەتەک ئەو گروپە تایبەتمەندییەکانی فیلمسازی، دەوڵەت کاری دەکات.

**بەڵام من ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ بەهێزبوون و پەرەپێدانی سینەما لەم وڵاتانە بە گرنگ دەزانم:**

١. دانانی بەرنامە و پرۆگرامی دروســـت و گونجـــاو بۆ پەرەپێدانی یەکسانی لە تەواوی بوارەکاندا.

٢. بە ڕەسمی ناساندنی سینەما وەکو میدیایەکی بەهێز و بایەخێکی میللی لە لایەن حکوومەتەکانەوە.

٣. دانانی یاسای سینەمایی کە لەناویدا مافی سینەماکار پارێزراوبێت. بەتایبـــەت بەلێبوردن لە باج لە ســـەر بەرهەمهێنەران و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم بە شێوەی ساڵانە.

٤. دانانـــی باجی زیاتر بۆ نمایشـــی فیلمە بیانیـــەکان لە هۆڵەکانی نمایشی فیلم و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا.

٥. دانانی ســـندوقی پارە بۆ پشـــتگیری لە سینەمای میللی لەلایەن حکومـــەت و ڕێکخراوە ســـەربەخۆکان و دانانی بەشـــێکی تایبەت لە دەرامەتی باج کە لە ســـەر بڵاوکردنەوەی فیلمە بیانیەکان دانراوە، بۆ بەهێزکردنی سینەمای میللی.

٦. دانانی ڕێکخراوێکی بەهێز بۆ فێرکردنی سینەما.

٧. ڕەخســـاندنی بارودۆخێکـــی گونجاو بـــۆ بەرهەمهێنانی فیلم بۆ خوێندکارانی ئەم ڕێکخراوە.

٨. دانانـــی هەیکەلێکی گونجـــاو بۆ بەخـــش و بەرهەمهێنانی فیلم لـــە تەواوی وڵاتـــدا (لە هۆڵی نمایش و تەلەفزیـــۆن) و یارمەتیدان بۆ بڵاکردنەوەی جیهانی.

**فیلم: لە فێستیڤاڵی کورتە فیلمی ئەفغانستاندا لە لێژنەی هەڵبژاردن بووی؟ بۆچوونت لە بارەی کورتە فیلم چییە؟**

بەرمەک: من تا ئێستا لەچەندین وڵاتدا لە فێستیڤاڵە سینەمابیەکان وەکو لێژنەی هەڵبژاردن بەشدار بووم. بەڵام لە ئەفغانستان تەنانەت لە یەک فێستیڤاڵدا بەشداریم نەکردووە. بەبڕوای من کورتە فیلم هەندێک تایبەتمەنـــدی هەیە وەکو بودجەی کەمـــی پرۆژەکە و کاتی کەمتر بۆ بەرهەمهێنان، بۆ ئەو گەنجانەی کە سینەما فێردەبن، سەکۆیەکی باشە بۆ ئەزمون و فێربوون.

دانانی ئەندێشە گەورەکان لە قاڵبێکی بچووکدا لە رووی زەمانییەوە، بۆ فرینی خەیاڵ و دانانی زمانێکی سینەمایی تایبەت بۆ وتنی لە کورتە فیلمـــدا، مەجالێکی باش دەڕەخســـێنێت بۆ ســـینەماکاران کە خۆیان فێرببـــن. من لەو بـــاوەڕەم ئەگەر خوێندکارانی ســـینەما زیاتر کورتە فیلم بەرهەمبێنـــن، هەڵەکانیان زیاتر دەبینن و فێردەبن. تەکنۆلۆژیای دیجیتال بە داهێنانە بەردەوامەکەی، ئەم ئاواتە زیاتر نزیکی حەقیقەت دەکاتەوە.

**فیلم: ئەگەر بۆ کوردســـتان دەعوەت بکرێن. ئامادەن ســـەریەرزمان بکەن و بێن؟**

بەرمەک: (ئاواتم ئەوەیە) ئەو شـــوێنەی کە کێوی هەیە ورووبارەکانی سەرمەســـتن لە ژێر ئاســـمانی شـــیندا. ماڵی منە و من شێتی توانای کوردستانیە عاشـــقەکانم. بۆ ئەوەی لەگەڵ سینەمای میللەتێک کە بۆ بەدەســـتهێنانی مافی ڕەوای خۆی بـــە بەردەوامی قوربانی دەدات. لە نزیکەوە ئاشنابووم و بەتامەزرۆیی چاوەڕوانم. چوون ئێمە لە یەک ڕەگ و ریشەین. زۆرشـــتی هاوبەش لە نێوانماندایە. بەڵام هێشتا یەکترمان نەبینیـــوە و بە جوانی یەکترمان نەناســـیوە. (هیـــوام ئەوەیە) ئەگەر دەرفەتێکی ئاوا هەبێت.

**فیلم: بۆچوونی تایبەتتان هەیە لە بارەی سینەمای دیجیتاڵ؟**

بەرمەک: بـــۆ بەرهەمهێنانی پـــرۆژەی دوکیۆمێنتری و کورتە فیلم لەگەڵیـــدام، بـــەڵام من هێشـــتا شـــێتی ٣٥ میلمم. هێشـــتا دیجیتاڵ نەیتوانیـــوە ئەو کواڵیتییەی وێنە بەتایبـــەت لە گرتەی دوور بەجوانی لە ســـەر پەردەی سینەما نیشانبدات. هێشتا قورسایی کامێراکانی ٣٥ لە شـــوێنی خۆی دایە. باوەڕ بە هەموو کەســـێک دەکات کە لەرووی دەروونیەوە کارەکە بە جدی ســـەیر بکات. ئەمە بۆ من زۆر گرنگە. من لەم ڕوانگەیەوە هێشتا کلاسیکیم.

**فیلم: ئێوە وەک فیلمسازێکی دیاری ئەفغانستان، پێشنیازتان چییە بۆ ئەو گەنجانەی دەستیان داوەتە کاری فیلمسازی؟**

بەرمەک: من لە موحســـینی مەخمەلباف فێربووم کە باشترین ڕێگای فێربوون، دروســـتکردنی فیلمـــە. بە بینینی هەڵـــەی فیلمەکان و بە دەســـتهێنانی ئەزموون دەتوانن ببن بە دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو، بە باوەڕی من ئەو کەســـانەی کە لەگەورەترین زانکۆکانی جیهان وانەیان خوێندووە، تەنیا بە دروســـتکردنی فیلـــم و ئەزموونکردن دەتوانن لە کاری فیلمسازیدا سەرکەوتوبن.

**فیلم: دواین قسەتان بۆ سینەما دۆستان؟**

بەرمەک: هیچ شـــتێک بێ هۆ نەخولقاوە. تەنیا ئێمە دەبێت چاو و گوێمان هەبێـــت و بە میهر و خۆشەویســـتی پەیوەندی بنیات بنێین، تەنانـــەت لەگەڵ دوژمنەکانمانیش. دڵنیام کـــە ئێوە تێدەگەن و ئەمە خۆی سینەمایە.





# ریکلامی فیلمە سینەماییەکانی جاران

# خولەی مەلاژن

# تەمەنێک بۆ خزمەتی سینەما

ئامادەکردنی: خالید حەمەلاو

هاتنی سینەما لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە سەدەی رابردوو، بەتایبەتیش پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەگشـــتی بۆ عێراق و بەتایبەت بۆ شاری ســـلێمانی بەشـــێک بوو لە داهێنانەکانی شۆرشی پیشەسازی ئەوروپا، کـــە زۆرترین داهێنان و جوانیی بە مرۆڤایەتی بەخشـــی، لەهەمانکاتدا دیاردەیەکی نوێ و گرنگی ســـەدەی بیستەم و هەروەها خۆی بۆ خۆی لەسەر ئاســـتی دونیاش هونەرێکی نوێ بووە، وەک ماڵی کۆکردنەوەی گشـــت هونەرەکانیتر، ئاشـــکرایە ئەم هونەرەش لەپـــاڵ هاتنی زانکۆ و نەخۆشـــخانەو کۆمەڵێک دیـــاردەی نوێی رۆژئاوا و شارســـتانییەتە پێشـــکەوتووەکەی گەیشـــتە وڵاتانی خۆرهەڵات و جێگای بەزۆرێک لە دامودەزگا و دامەزراوەکان چۆڵکرد، لەگەڵ ئەوەش ژێرخان و سەرخانی ئەم دونیایەی گۆری، هەروەها یەکێک لەدیاردەو هونەرە نوێیەکانی ئەم چەرخەی پیشەسازی و خۆرئاواش هاتنی فیلمی سینەمای و هۆڵەکانی سینەما بوو.

ســـلێمانیش وەک یەکێک لەشارە زیندووەکانی هونەر و رۆشنبیری و شارستانی، هەر لەسەرەتاوە زۆر بەخێرایی پێشوازی لەم هونەرە کرد و لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا سێ هۆڵی سینەمایی و هۆڵێکی شەوانەی تێدا کرایەوە، بۆ یەکەمجار سینەما لە خانەکان بۆ چەند کەسێکی کەم فیلمی نمایش کرد و سەرنجی بازرگان و کەسایەتییەکانی شاری راکێشا و بەزوویی هۆڵەکانی سینەما کرانەوە.

ئەوکات لەبەر نەبوونی هۆکارەکانی راگەیاندن چەند رێگای تایبەت و ناوچەیی هەبوون بۆ ریکلامی فیلمەکان و بازرگانی سینەما کە دەکرێت لەو ســـەردەمەدا ســـینەما بۆ خەڵکی ئێمـــە وەک بوارێکی هونەری و فەرهەنگی چاو لێبکرێت و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خاوەن هۆڵەکانی سینەماش وەک بوارێک بۆ داهات و بەرهەم بوو.

لەبەرنەبوونـــی هۆکاری راگەیاندن خاوەن ســـینەماکان خەڵکانێکیان هەبـــوو کە بەنێـــو کوچە و کۆڵانەکانی شـــاردا وێنـــە و دەنگەکانیان دەگێراو بەشێوازی جۆراوجۆر سینەما و فیلمەکانیـــان دەناســـاند، تاکو خەڵـــک ئاشـــنا بن بـــەوەی لـــە هۆڵەکانی ســـینەما چی



مالّی (حەپسە خانی نەقیب) زیاتر بۆ فیلمە مێژووییەکانی وەک سپارتاکۆس و فیلمە عەرەبییەکان دەهاتن.





دەگوزەرێت، بۆ ئەم مەبەســـتە کەســـێکمان دواند کە زۆرینەی تەمەنی لەبەردەم هۆڵەکانی سینەما و ریکلامکردن بۆ سینەما و فیلمەکانی بەســـەر بردووە، مەحمود محەمەد ناسراو بە (خولـــەی مەلاژن) تەمەنێکی دوور و درێژی لەبەردەم ســـینەما و لە پشـــتی عارەبانەی تریشـــقەو ئامـــاژەدان بۆ دەهـــۆڵ ژەنینی ریکلامـــی فیلمەکان لە شـــاری ســـلێمانی بەرێکرد، خولەی مـــەلاژن هەر لە تەمەنی منداڵیدا ژیانی خۆی بۆ ریکلامی ســـینەما و فیلمە عەرەبی و فارســـی و بیانییەکانی سینەماکانی سلێمانی بردەسەر.





*** سەرەتا کەی و چۆن سینەماتان ناسی؟**

–یەکەمجار لە تەیناڵ لە چایخانەیەک کارم دەکرد (شـــێخ مەحمود)ی نەمر هاتە چایخانەکـــە، منیش جامێک ئاوم دایێ، عادەت وابوو لە چایخانە شاگردێک، تەنها ئاوی دەگێرا، شـــێخ ماچی کردم و فەرمووی دایک و باوکت هەیە، وتم: باوکی خۆم نەدیوەو دایکێکی پیرم هەیە، فەرمـــووی ناوت چییە، وتم: ناوم خولەیە، شـــێخیش وتی: ناو خولە، هەر نەگبەتە، حەزم لە ســـینەما و فیلم بینین بوو، ســـینەماش تـــازە پەیدا ببوو، دونیا باســـی دەکرد و منیش وەک منداڵێک شـــێتی بینینی ببووم.

*** تۆ بەردەوام وەک دەســـتگێرێک لەدەرەوەی سینەما یان پاسەوان بوویت، یان ریکلامت بە تەختەکەی شـــانت دەکرد یان لەگەڵ ئەسپ و عارەبانە بویت، کەی فورسەتی فیلم بینینت دەبوو؟**

–زەمانـــی ئێمە، منـــداڵ باوک و دایکیان هەڵدەپێچـــا کە بیانبەن بۆ ســـینەما، ئیتـــر باوکەکە بلیتی ســـینەمای دەکڕی، بـــۆ نمونە فیلمی (تەڕەزان) بەناو بانگ بوو، ئیتر بۆ منداڵ وەک جەژنێک و شتێکی زۆر خۆش بوو تەڕەزان لای منداڵ زۆر خۆشەویست بوو.

*** تۆ وتت باوکی خۆم نەدیوە، دایکت دەیبردی بۆ سینەما؟**

–مـــن باوکم نەبوو، هەر وەک (شـــێخ مەحمـــود) فەرمووی خولە ناو نەگبەتە، هەر بە نەگبەتی گەورە بووم، ئەو کاتە ماڵمان لەپشتی سەرا بوو، بەدزی کەس و کارمان دەچووین بۆ ســـینەما، ئیتر لە گەڕانەوەدا باســـمان دەکردو لە ماڵەوە ئاشکرا دەبووین و لێیان دەدراین، فیلمێکی تورکی هەبوو ناوی (نای الحزین) بوو، چوار جارم بینیبوو، فیلم هەبوو دەجارم بینیبوو هێندە جوانبوو ئێســـتاش حـــەز دەکەم بیبینم، بەڵام لە ســـینەما، ئێمە زۆرتر حەزمان لەفیلمی سیاســـی بوو، ئەوانەی دژی حکومەت بوون.

*** ئێوە کە دەچوونە ســـینەما هەستتان چۆن بوو لەو کاتانەدا؟**

–وەک ئەوە وابوو کە دونیا هی خۆمان بێت ئەوەندە چێژمان لێیدەبینی، حورمەت و ســـینەما دوو شتی زۆر تایبەت و دوو هاوڕێی زۆر خۆشەویســـت بوون، سینەما ئەدەبێکی تایبەتی لەم شارەدا دروستکرد، ئێمە بەهۆی ســـینەماوە، دنیامان ناسی، لەوکاتەدا تەنها رادیۆ و رۆژنامە هەبوو، ئەویش زۆر جیاوازە لە سینەما، سینەما رۆشنبیری و ئاشنایی بوو بە زمان و هونەر و دابونەریتی دنیاو و کاریگەری زیاتریشـــی هەبوو بۆ کرانەوەی ئێمە بەرووی دونیا و ئیتر خەڵک حەزی دەکرد دونیـــای دەرەوە، ئەمریکا و ئەوروپا و روسیا ببینێت، زۆر شت لەسینەما فێربووین کە بەزمان باس ناکرێت، سینەما دونیایەکی تایبەت بوو.

*** تۆ وەک کارکردن لە کام سینەمادا کارت دەکرد؟**

–من یەکەمجار لە ســـینەمای گۆیژە دەســـتبەکاربووم کە ســـینەمایەکی هاوینە بوو، ساڵی ١٩٥١ قادر دیلان، بەرێوەبەری ئیدارەی ســـینەماکە بوو، منی بانگ کرد و چووم و لەوێ لە ســـینەمای گۆیژە دامەزرام، شـــوێنەکەی بەرامبەر بە قوتابخانەی گۆیژەی ئێســـتایە، تاکو ســـاڵی١٩٥٧ لەوێ کارم کرد، سینەمای گۆیژە لەشوێنی بازاری زێوەری ئێستا بوو.

*** یەکەم کاری تۆ لەگەڵ سینەما چی بوو؟**

–من بە تەختەگێری ریکلام چووم بۆ ســـینەما و پاشـــان هەڵواسینی وێنەو پۆستەرەکانیشـــم دەکرد و دواتریش هەمـــوو کارێکی ناو هۆڵی ســـینەمام دەکرد، تەنیا مەکینەچێتیم نەکردوە، ئەو ســـەردەمەش هەر وابوو.

*** چۆن و کەی و لە کوێوە دەستتان دەکرد بە ریکلامکردن؟**

–کاتێک بە ئەســـپ و عەرەبانە تریشقەکەمان لە بەردەم سینەماکەوە بەرەو بازار و کۆڵانەکانی شـــار بەرێدەخســـت ئیتـــر بەدەهۆڵ و زورنا بەرێدەکەوتین کـــە لە کاک ئەحمەدی شـــێخ دەردەچووین ئامـاژەیەکم بۆ دەهۆڵ ژەنەکە دەکـــرد دەمگوت لێیدە، ئیتر ناو بەناو بە بڵندگۆکە بانگەوازم دەکرد و دەمگوت ئەمشـــەو لە سینەمای (گۆیژە) فلان فیلم ئیـــش دەکات، ماوەیەک لەو ســـینەمایە بـــووم و دوای ئەوە چووم بۆ ســـینەمای (ســـیروان) کە لە شـــوێنی چایخانەکەی حەمە رەقدا بوو، خاوەنەکـــەی تۆفیـــق قەزاز بوو، لە دوای ئەوەش چووم بۆ ســـینەمای (رەشید).

*** فیلمەکان لە کوێوە دەهاتن و لە کێ وەردەگیران؟**

–فیلمـــە ئەمریکییەکان لەبەغداوە دەهاتن، لە کۆمپانیای ئیســـماعیل شـــەریف وەردەگیران، پیاوێکی جولەکە بوو، کاتێک لە ســـاڵی ١٩٤٨ جولەکەکان لەعیراق رۆیشـــتن، ئەو مایەوەو نەرۆیشـــت، لەبەر ئەوەی

دەوڵەمەندبوو حکومەتیش هیچ فشارێکی نەخستە سەرو لە بەغدا مایەوە.

فیلمی وامان هەبوو ٧ رۆژ تا ١٠ رۆژ نمایش دەکراو من هەموو رۆژێک دەردەچووم، هەندێکجار بە گەڕەکەکانیشدا دەگەڕاین، دەچووم بۆ گەڕەکی قەزازەکان هەموو جارێک پێیاندەوتم کە فیلمەکەتان گۆڕی بەئەسپ و عارەبانەکەوە وەرن بۆ بەردەرگای ئێمەو لێرە پێنج دەقەیەک دەهۆڵەکە لێبدەن، خەڵکیش وەک ئاهەنگ و خۆشی سەیری ئێمەیان دەکرد، منیش دڵم نەدەشکاندن و لەسەر داوای خەڵکی کاتی گۆڕینی فیلمەکە دەچووینە بەردەم ماڵەکانیان و دەستمان بەبانگەواز دەکرد و خەڵکەکە زۆریان پێخۆش بوو، زۆر رێزیان لێدەگرتین، ئەو هونەرمەندانەی لەسەر پشتی عارەبانەکە بوون، یەکیان ناوی مام عەلی و ئەویتریان ناوی میرزا بوو، هیچ کامیان لەژیاندا نەماون، بەڵام کاک (حەمە رەشید)ی خاوەن ئەسپ و عارەبانەکە ئێستاش لەژیاندا ماوە، ماوەیەک لە سینەمای سەلاحەدینیش کارم کردووە، لە سابونکەران لەساڵی ١٩٤١دا، لە شوێنی چایخانەکەی حەمە رەقدا بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٤٢ گواستیانەوە، ئێستا شوێنەکەی گەراجی ئۆتۆمبیلە.

*** یەکێک لەو فیلمانەی تۆ زۆرت بینیوەو زۆرت پێخۆش بوو کام فیلم بوو؟**

-خۆشترین فیلم «فرسان کوردستان بو» کە ٧ رۆژ ئیشیکرد، بەرنەدەکەوت و لەقەرەباڵغیدا خەڵک دەبورایەوە، ئەو کاتە زەمانی زەعیم سدیق بوو بەهۆی ئەو فیلمەوە گیرام، دارێکیان کێشا بەسەرما خوێن بەسەرما هاتە خوارەوە، زۆریان پێناخۆش بوو، منیش دەمووت خۆ بەدەست من نییە، فلیمەکە خۆی وا نوسراوە، واش نەبوو فیلمەکە خۆی فارسی بوو بەناوی (تلسمی شکستە) بەڵام بە ناوێکی کە کرابوو بە کوردی، یان فیلمێکیترمان نیشاندا بەناوی (ئەمیر ئەرسەلانی رۆم) فیلمێکی درێژ بوو (لە کتێب وەرگیرابوو-مێژوویی بوو) رەسمی دێوێکمان لە چوارتا هەڵواسیبوو، رەسمی دێوێکیترمان لە هەڵەبجە هەڵواسیبوو، لەبەر ئەوەی فیلمەکە مێژوویی بوو بە کتێب هەبوو، خەڵک زۆر تامەزرۆی بینینی بوو، ئیتر ماوەی ١٠ رۆژ سینەما بەرنەدەکەوت، زۆرکەس یاتاغیان دەهێنا بەرامبەر سینەماکە دەخەوتن، خەڵک لەلادێکانەوە دەهاتن بۆ بینینی، ئێمە پێشتر ئەو چیرۆکەمان لە مەلا نوری بیستبوو.

*** مەلا نوری کێیە؟**

-مەلا نوری لە چایخانەکەی لای مزگەوتی گەورە دەچووە سەر کورسیەکی بەرز دادەنیشت و کتێبەکەی بۆ دەخوێندینەوە و ئێمەش گوێمان لێ دەگرت، ئیتر کە فیلمەکە هات جەماوەر شێت ببوون بۆ بینینی، لەسەر بلیت دەبوو بەشەر، بلیت بەگرانتر دەفرۆشرایەوە، خەڵک هەبوو لەدوورەوە هاتبوو بلیتەکەی دەکڕیەوە، ئەم فیلمە فارسی بوو.

*** ئەی خێزانەکان یان ژنان چۆن دەهاتن بۆ سینەما؟**

-یەکەمجار کە ئیشمان پێدەکرد چوار رۆژمان دادەنا بۆ پیاوان و لەنێوان ئەو چوار رۆژەدا شەوێکمان دادەنا بۆ خێزان، ئەو زەمانە دنیا پاک بوو، خێزان و کچ و کوڕ بەتێکەڵاوی و خەڵکی بەو پەڕی ریز و حورمەتەوە دادەنیشت، ئافرەت زۆر بە قەدر و حورمەت بوو، کەس هەناسەیەکی ناشیرینی نەبوو، ئەم شارە پڕ بوو لە جوانی و ریز، پاشان لە ساڵی ١٩٥٢ لۆج دروستکرا، لۆج ژووری بچووک بچووک بوو بۆ خێزان و خەڵکی تایبەت، کە پێشتر دەگیرا و (حیجز) دەکرا بۆ خێزانەکان، بلیت بە ٤٠-٥٠ فلس بوو، لۆج هەبوو بۆ چوار کەس، هەبوو بۆ شەش کەس، پێشتر تەلەفۆنیان دەکرد و شوێنی خۆیان حجز دەکرد، ئیتر هەموو ماڵە ناودارەکانی شار وا دەهاتن، ماڵی پارێزگار یان حاکمێک یان سەرۆکی شارەوانی کە دەیانزانی فیلمێکی خۆش هەیە یان فیلمێکی داستانی هەیە، کە فیلمە کتێبییەکان زۆر جەماوەری هەبوو چونکە چیرۆکی جوان بوون ئیتر بەو شێوەیە لۆجەکان بەرنەدەکەوت، هەرچی ئەشرافی شار هەیە وەختی تایبەتیان دادەنا بۆ سینەما و کچ و کوریش بە تێکەڵی دادەنیشتن و خوا نەکا کەسێک ورتەیەکی هەبێت.



سەرۆکی شارەوانی و پارێزگار و سەرۆکی دادگا و کەسایەتییە ناودارەکانی شار، دەهاتنە سینەما.

*** خاوەنی سینەما و کەسایەتییە ناسراوەکانی شار چۆن تەماشای سینەمایان دەکرد؟**

-سینەمای سیروان موڵکی حەمەی ئەورەحمان ئاغایە، لۆجێکمان بۆ کردبوو بەتایبەت بۆ خۆی و خێزانەکەیان و بۆ سەرۆکی شارەوانی و پارێزگار و سەرۆکی دادگا و بۆ کەسایەتییە ناودارەکانی شار، ماڵی حەپسە خانی نەقیب دەهاتن بۆ فیلمە مێژووییەکانی وەک سپارتاکۆس و فیلمە عەرەبییەکان، ئەو فیلمەی سپارتاکۆس نزیک بە ٢٠ رۆژ نمایشکرا، جەماوەرێکی زۆری هەبوو، سلێمانی زۆریان حەز لە فیلمی سیاسی و شۆرشگێرانە دەکرد.

*** خەڵک بۆ هەموو جۆرە فیلمێک دەهات؟ یان هەر فیلمەو جەماوەری تایبەت بەخۆی هەبوو؟**

-نا خەڵک هەبوو بۆ هەر فیلمێک بواری هەبوایە دەچوو، خەڵکیش هەبوو تەنها بۆ فیلمی تایبەت دەهات، فیلمیش هەبوو هەموو جۆرە خەڵکێک بۆی دەهات، بەتایبەت فیلمی (بولبولەفەنی) کە لە نواندنی سەباح و فرید ئەترەش و ئیسماعیل یاسین بوو، ئەم فیلمە لە سینەمای گۆیژە نمایشکرا من خۆم ریکلامم بۆ کرد بەر نەدەکەوت، هەموو خەڵک ژن و پیاو و گەنج و منداڵ دەهاتن.

*** سینەماکانی شەوانە چۆن بوو؟ وەک باسی دەکەیت هەر بەشەو دەچوون بۆ سینەما؟**

-ئەم سینەمایانە بەرۆژ ئیشیان نەدەکرد، تەنها سینەما زستانییەکان بەرۆژ ئیشیان دەکرد، سینەما رەشید لە کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ و لە ٤ و نیو جارێکیتر ئیشی دەکرد و شەویش دووجار، دواتر سینەمای دڵشاد، لە ساڵی ١٩٥٩ کرایەوە، ئەوانیش پێیانوتم بەڵام چونکە خزمی یەک بوون حەزم نەکرد و هەر لە رەشید مامەوە.

بارزانی سەرکردە ئەمشەو لە سینەما دەبینن




*** ئێوە وەک منداڵ لەبەر سینەما بوون و دواتر بژێوی ژیانیشت چووە سەر سینەما، سینەما لای تۆ چی بوو؟ هەرگیز بێزاری کردوویت؟ خۆشەویستیت بۆ سینەما چۆن باس دەکەیت؟**

-ئێمە وەک منداڵ، هەر لەبەر سینەماکان کارمان دەکرد و وردە وردە شتێکمان پەیدا دەکرد تا بتوانین فیلمێک ببینین، ئێمە زۆر حەزمان لە فیلمی تەڕەزان دەکرد کە لە ناو دارستان و باخەکاندا هاوڕێی شێر و پڵنگ و فیل و مەیمونەکان بوو، تەڕەزان دژی راوچی بوو کە هاواری دەکرد هەرچی تەیر و باڵندە و ئاژەڵە، دەهاتن بۆ لای، حەزمان لە فیلمە هندییەکانیش دەکرد، من سەرەتا کەلە سینەما کارم نەدەکرد خۆم سەربەخۆ زۆر ئیشم بۆ سینەماکان دەکرد، تا بهێڵن فیلمێک ببینم و هەر ئەو عەشقە وایکرد من هەر حەز بکەم لە سینەما ئیش بکەم، بیرم دێت سینەمای رەشید بە فیلمی (غرام و انتقام) کرایەوە کە لە نواندنی ئەسمەهانی خوشکی فەرید ئەترەش بوو، ئیتر فیلم بینین بۆ من ئاسان ببوو چونکە ببووە بە شێک لەئیشەکەم و سینەماش ببووە هەموو ژیانم، من هەر لە کۆڵان و جادەوە تا بەردەم سینەما، یان لەناو هۆڵی سینەماکە بووم، بۆنی سینەما و دەنگ و رەنگی سینەما لە رۆحمدایە، ئای خوایە چ یادەوەری و چ تامێکە، هیچ شتێک ناتوانێت باسی بکات مەگەر ئەمە خۆی بکرێتە فیلمێک و بەدیاریەوە خەو بمباتەوە و هەناسەیەکی ئارام بدەم، گەرچی من هەر نەحەسامەوە و سینەما ئاوهای لێهات و خاوەن سینەماکان و حکومەتیش ئاوڕیان لەمن نەدایەوە، شارێکم بەدەنگ و هاوار و دەهۆڵ و زوڕنا پڕکرد لە دەنگ و رەنگی سینەما، ئێستاش لە ئێرانەوە شمشێر و هەندێک توحفە دێنم، بەرەنجی شانی خۆم دەژیم.

*** جەماوەری ئەو کاتەی سینەما کێ بوون، دەوڵەمەندەکان بوون، یان رۆشنبیران یان هەموو کەس؟**

-ئەو کات تەلەفزیۆن نەبوو، هەر کەس بیتوانیایە و توانای هەبوایە دەهات، جاری وا هەبوو بە هۆی رووداوەکانی فیلمەکەوە خەڵکێکی زۆر دەبورایەوە لە سینەما، یان زۆر جار بە هۆی قەرەباڵغی سینەماکەوە، بەڵام ئێستا خەڵک ناچن بۆ سینەما بەهۆی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە، کە هەقیش نییە وابێت، چونکە سینەما زۆر تایبەتە و سەیرە و ئەو تام و چێژەی لە سینەما هەیە تامێکیترە کە بەزمان و قسە باس ناکرێت و دەبێت بچیت لەسینەما و لە ناو هۆڵەکە بۆنی بکەیت، گڵۆپ بکوژێتەوە، کۆمەڵێک خەڵکی زۆر پێ دەکەنن، هەناسە هەڵدەکێشن،

دەگرین دونیا لەوێ تەنها فیلمەکە نیە، قەت حەز ناکەم فیلمی سینەمایی لە تەلەفزیۆن یان لەسەتەلایت ببینم.



*** ئەی تۆ چۆن فیلمەکانت دەکرد بەکوردی؟ خۆ زمانی فەرەنسی و روسی و ئینگلیزیت نەدەزانی؟**

–من خۆم خوێندەوارییەکی ئەوتۆم نەبوو، کاک بەهادین ناوێک هەبوو دەرچووی زانکۆ بوو، کەمێک تێکچوو بوو لەسەر جادەکاندا دەخەوت، من دەچووم بۆ لای چام بۆ دەکڕی ماستم بۆ دەکڕی، حەزم دەکرد لەلای دانیشم زۆر زیرەک بوو، ئەو بۆی تەرجومە دەکردم و باسی فیلمەکەی دەکرد بۆ نمونە، ئەو فیلمانەی کە مانادار بوونایە، نوسراوە ئینگلیزییەکەم بۆ دەبرد و ئەویش تێی دەگەیاندم دەموت ماناکەیم بەکوردی تێبگەیەنە من چۆن بانگ بکەم، فیلمێکمان نمایشکرد باسی شەڕێک بوو لەسەر شاخ و بەفر بەناوی (حارب علی جبال)، پێیوتم تۆ دەبێت بەشێوەیەک بانگ بکەیت بڵێیت ئەم فیلمە شەرە لەسەر شاخ، شەرە لەسەر بەفر و چیا، شەرە لەسەر کەرامەت و ناموس و خاک، ئەکتەری سەرەکی قارەمانی فیلمەکەش ناوی (جان بڵاس) بوو کە ئەو کاتە زۆر ناودار بوو خەڵکی زۆر حەزیان بەفیلمەکانی دەکرد.

*** ئەی سینەما و ئیدارەی سینەماکە هیچ شتێکیان بۆ ئامادە نەدەکردیت؟**

–تەنها خۆش نووسێکمان هەبوو ناوی فیلمەکەی بۆ دەنوسیم و ئینجا خۆم دەچووم بۆ لای کاک بەهادین و بۆی دەکردم بەکوردی، ئیتر بەو شێوەیە دەچووم بۆ بانگهێشتی خەڵک.

*** وەک بیرت بێت چ فیلمێک جەماوەری زۆر بوو، هیچ کێشەیەکت نەبوو کە تۆ بەکوردی بانگت دەکرد و باسی ئەو فیلمانەت دەکرد ؟**

–بەڵێ بیرم دێت فیلمێکمان بۆ هات لەبەغداوە، کاک ئەکرەمی سالحی رەشان بانگی کردم و وتی فیلمێکمان بۆ هاتووە، دەبێت بچیت خەڵک بانگ کەیت و نەترسیت!! فیلمەکە راستی بوو (دۆکیۆمێنت) هی سەردانی عەبدولرەحمان عارف بوو کە چوو بوو بۆ لای مەلا مستەفای رەحمەتی، سەردانەکە کرابووە فیلم، ئێمەش ویستمان نمایشی بکەین، حکومەت مەنعی کرد، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە عاتیفەی دەجوڵا و حەماس دەیگرت و چەپڵەیان لێ دەدا، حکومەت مەنعی کرد، منیش کە دەچووم بۆ ریکلام و بانگم دەکرد، بارزانی سەرکردە ئەمشەو لە سینەما دەبینن، زۆر گرنگ بوو لای خەڵک، بینینی بارزانی لە سینەما زۆر گرنگ بوو لای خەڵک بۆیە بەرنەدەکەوت و حکومەتیش زۆر پێی قەڵسبوو. ئەو فیلمە زۆرترین جەماوەر و داهاتی هەبوو، کاتێک سەرۆک کۆمار دەچووە پێشەوە بۆ لای بارزانی خەڵکەکە دەیکردە چەپڵە لێدان، خەڵکەکە زۆر زۆریان پێخۆش بوو لە جەژن دەچوو، فیلمەکە نزیکەی ١٠ رۆژ بەجەماوەرێکی زۆرەوە نمایشکرا. فیلمێکی ترمان نمایشکرد باسی هیتلەری خوێنرێژ بوو لە جەنگی جیهانی دووەم کە چۆن دنیای وێرانکرد و دواییش چۆن لە رووسیا لە بەفرا دەشکێت و دەڕووخێت و سوپای سوور ئەڵمانیا دەگرێت، باسی جەنگی جیهانی دووەم بوو کە بە واقیعی گیرا بوو، ئینجا چەند شارێکی گەورە وێران دەبێت، ئەم فیلمە جەماوەری زۆر بوو، ئەم فیلمەش راستی بوو ئیتاڵییەکان و رووسەکان دەریانکرد بوو کە دواتر ئەڵمانیا خۆیشی دروستیکرد، ئەم جۆرە فیلمە راستیانە (دۆکیۆمێنتاری) جەماوەریان زۆربوو.

من بۆ فیلمەکان بەکوردی هاوارم دەکرد، حکومەت زۆریان ئازار دەدام، دەیانوت بۆ بە کوردی بانگ دەکەیت و وەک دەزانین قسەی زیاد دەکەیت، منیش دەموت: وانییە، بەڵام دیاربوو قسەکانیان بۆ تەرجەمە دەکردن ئەگینا خۆ من بەکوردی باسی شاخ و بەفر و فیلمەکانم دەکرد دیار بوو خەڵک هەبوو بۆی دەبردن، من لەسەر فیلمی فرسان کوردستان زۆرئازار درام، جارێکیتر ٢ مانگ زیندانیان کردم، بەڵام من سینەمام خۆشویست و سینەما ئەو هەستەی لە رۆحما چاند کە شتێکی زۆر نایابە و لە هەموو هونەرەکان گەورەترە و شتێکی زۆر تایبەتە، گەرچی بەداخەوە سینەماکانمان و یادەوەرییەکان و ئەو هۆڵە پڕ بەها و بەنرخانەیان کردە بازاری جل و بەرگی بێکەڵکی تورکی و سینی، خۆزگە بکرانایە بە مۆزەخانەی هونەری و رۆشنبیری بۆ مێژووی ئەم شارو نەتەوەیە.

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ساڵی٢٠٠٧ لەگەڵ کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی دیکەی تایبەت بە سینەما لە کوردستان ئەنجامدراوە.**

